# بەسیاسەتێکی کۆمەڵایەتی داڕێژراو دەتوانین




سیاسەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆی تێڕوانینە سۆسیۆلۆژی و فەلسەفییەکانی هەر دەوڵەتێك بەرامبەر بە کۆمەڵگەکەی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی. یا بەمانایەکی تر بریتییە لە کۆمەڵێك ستراتیژییات و ڕێوشوێنی بەکارهاتوو بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی دیاریکراو، یا دەشێ بڵێین کۆمەڵێك ئامرازی ستراتیژیین کە بۆ دەستنیشانکردنی واقیعی کۆمەڵگە و دیاریکردنی ئەلتەرناتیڤە جیاوازەکان وەگەڕ دەخرێن. بۆیە ناکرێ باس لەژیانی کۆمەڵایەتی هیچ کۆمەڵێك بکەین بەبێ وەها سیاسەتێك.

# دواڕۆژێکی گەش بۆ کۆمەڵگەکەمان دابین بکەین



**پرۆفیسۆر(د.فوئاد ئیبراهیم سەڕاج ):**



# نە لە کۆمەڵگەی کوردی و نە لەعێراقیشدا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی نابینم

لە پێوەند بە گرنگی وەها مەسەلەیەك کە دوارۆژی وڵات و کۆمەڵگەی پێوە بەستراوە مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین پرۆفسۆر ( د.فوئاد ئیبراهیم سەڕاج ) کە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرایە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەو لایەنە باشتر ڕووندەکاتەوە و دەڵێ: ڕاستە شتێك هەیە پێیدەوترێ (سیاسەتی کۆمەڵایەتی) و سۆسیۆلۆجیاش کە زانستێکی یەکجار گرنگە لە پێوەند بەم بابەتەوە، بەپێوەری زانستیانەی ورد لەم باسە دەکۆڵێتەوە. سیاسەتی کۆمەڵایەتیش بابەتێکی پانوپۆڕ و بەرفراوانە، هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەتایبەتیش دیاردە و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر لایەنی دیکە. کۆمەڵگەش ڕۆژ بە ڕۆژ لە گۆڕان دایە، بەم پێییەش زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی هەیە لەگەڵ ڕۆژگاردا لە کەڵك دەکەون یا هەر مانەوەی ئەم جۆرە پێوەندیانە زیان بە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لێرەوەیە کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بەو پێوەندیانەدا دەچێتەوە و کۆمەڵگە ئامادە دەکات کە ئەو پێوەندیانە تێپەڕێنێ، بە مەبەستی پێشخستنی کۆمەڵگەکە. بۆیە دەوڵەت دەبێ بەپێی سیاسەتێکی داڕێژراوەوە، ناوە ناوە بەپێی پلان، بە بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا بچێتەوە.. دیارە بۆ ئەوەی وردتر لە باسەکە بڕوانین پێویستە پێناسەی زانستیانەش بۆ ئەم چەمکە بکەین، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنەش مامۆستا (شەهلا وەلی جەبار) کە مامۆستای کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدینە دەڵێ: پرۆفیسۆر مارشال «بەمجۆرە پێناسەی سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەکات، کە سیاسەتی حکومەتە و کۆمەڵێك پەیڕەو و پرۆگرام لەخۆ دەگرێت و بۆ دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و مسۆگەرکردنی خزمەتگوزارییەکان و.. تاد، دادەنرێت. هەروەها لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسەیەی کە (کۆلێر) لە کتێبەکەیدا بەناوی (ئابووریبوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی)، هەوڵ دەدەین پێناسەیەکی گونجاو بخەینە ڕوو کە تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی زۆر جددی لەگەڵ مەسەلە سیاسییە هەنووکەییەکان تێکچڕژاوە. بەڵام لەڕووی مێژووییشەوە، چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی (Social Policy) لەسەدەی (١٩) لەنێو شۆڕشی پیشەسازی و دەرکەوتنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاتە ئاراوە، ئەوکات پێیدەوترا (مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان) وەك نیشانەیەك بۆ دەرکەوتنی پێوەندی نێوان خاوەن کار و کرێکار، هەروەها گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کە بە پیشەسازی بوون لەگەڵأ خۆیدا هێنابوونی. ئینجا سیاسەتی کۆمەڵایەتی بوارێکە پێوەندییەکی توندی بە ئایدیۆلۆژیاوە هەیە و بەئامانجی دۆزینەوەی ڕێگەچارەی گونجاو یان کەمکردنەوەی ئاکامی کێشەکان، بۆ باشترکردنی ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتیی و ئابووری و تەندروستی، ئەوا سیاسەتی کۆمەڵایەتی هاتووەتە ئاراوە. لەمەوە مومکینە بتوانرێت چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییانەی لای خوارەوە ڕوون بکرێتەوە:

١. سیاسەتی کۆمەڵایەتی چالاکی و جموجۆڵێکی لەخۆوەیی نییە کە پشت بە شێوازی ئەزموونکردن و هەڵەکردن ببەستێت، بەڵکو ڕێوشوێنێکی ئەقڵانی پلان بۆ داڕێژراوە، کە سەرەداوی کێشەکان، میکانیزم و ئامانج لە دۆزینەوەی ڕێگەچارە، دەستنیشان دەکات.

٢. سیاسەتی کۆمەڵایەتی شوناسی خۆی لە ئایدیۆلۆژیای ئەو کۆمەڵگەیە وەردەگرێت کە مەبەستە لەسەری پراکتیزە بکرێت. بۆیەلێپرسینەوە بابەتییەکان سەبارەت بە گشتاندنی پێناسەیەکی دیاریکراوی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵگەیەك کە کەلتووری جیاجیای تێدایە، ئاگادارمان دەکەنەوە.

**٣.** بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو لە زەمەنێکی دیاریکراو، جودا نییە. ئالێرەدا تێبینی دەکرێت کە ئامانجەکانی سیاسەتی کۆمەڵایەتی جەخت لەسەر کۆمەڵێك کێشەی دیاریکراو لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراو، دەکاتەوە وەك (خوێندن، تەندروستی، کار، شوێنی نیشتەجێبوون)، کە ئەولەوییەتی هەریەکێك لەم بوارانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکی تر جیاوازە، کەواتە چەمکی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لەلایەکەوە چەمکێکی لێکچڕژاوە کە کردە، ڕێوشوێن، تەشریعات و ڕێکخستنگەلێك لەخۆ دەگرێت و ئامانجی دەستەبەرکردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییە. هەروەها چەمکێکی ڕێژەییە، چونکە بە پێشکەوتن، دواکەتن و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە ئەویش دەگۆڕدرێت و گەشەی پێدەدرێت.

### ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سیاسەتی کۆمەڵایەتیان نییە چارەنووسیان چییە یان بەلایەنی کەمەوە ئاسۆی دوارۆژیان بە چ ئاقارێکە؟

چ دەوڵەتێك ئەوەندە لە غەفڵەتدایە کە ئەم لایەنە زێدە گرنگ و پڕ بەهایە فەرامۆش دەکات و ستراتیژییەتێکی نییە بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەکەی..پرۆفیسۆر(د. فوئاد) لەمبارەییەوە دەڵێ: کۆمەڵگەیەك کە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی نەبێ کارەساتی لێدەقەومێ. مەبەستم ئەوەیە سەر لەبەری کایەکانی ئابووری و ڕۆشنبیری و

**مامۆستا (شەهلا جەبار وەلی):**



# زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی داڕێژراویان هەیە

کۆمەڵایەتییەکەی پشێوی و بێسەروبەری تێدەکەوێ. لەڕووی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەشی دووچاری پەشۆکان و هەڵچوون و داچوون دێت. بێگومان ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی سلبی دەبێ لەسەر کەسایەتی تاك و خێزان، هەر وەك ئێستاکە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەیبینین کە چ پشێوییەك دووچاری عێراقییەکان بۆتەوە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە دواوە، دەبینین کە یۆنانییە کۆنەکان بایەخێکی تایبەتی و زۆریان بە زانینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیانە و پاڵنەرەکانی مرۆڤ دەدا. ئەوان پێش ئەوەی بایەخ بە ڕۆڵی پێوەندییە سیاسییەکان و پابەندبوونە تایەفەیی و ئایینی نەژادی بدەن، زۆریان بایەخ بە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەدا. هەر لەبەر ئەوەشە دەبینین کە کەسایەتی زۆر دیاریکراو و تایبەتمەند لە وڵاتی گریك دەرکەوتن، کە دەسکەوتی یەکجار گەورە و گرنگیان بۆ کۆمەڵگەی یۆنانی و جیهانیش بەدەستهێنا..

**بە بڕوای مامۆستا (شەهلا)ش:** زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ گەیشتن بە خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی لە حوکمکردنیاندا پەیڕەو لە سیاسەتی کۆمەڵایەتی دەکەن و پێیانوایە بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەشینەوەی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان بەسەر هاووڵاتیانیاندا پێویستییان بە بوونی سیاسەتی کۆمەڵایەتی هەیە. هەروەها لە وڵاتانی تری تازە گەشەسەندوشدا خەریکە دەرك بە پێویستیبوون و زەرورەتی ئەم بابەتە بکەن و لە وڵاتێکی وەك تونس پەیڕەوی لێکراوە، هەروەها میسر و وڵاتانی کەنداو هەنگاوە یەکەمییەکانیان سەبارەت بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانیان، هاویشتووە.. سەبارەت بەوەش کە پایەکانی ئەم سیاسەتە دەبێ لەسەر چ بنەمایەك دابڕێژرێت (د.فوئاد) پێیوایە کە لە پرۆسەی بنیادنانی کۆمەڵایەتیدا پایە و توخمی گرنگ هەن کە هەر دەوڵەتێك دەبێ پەیڕەوی لێبکات، لەوانە بنیادی پەروەردە، بنیادی کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری.. تاد ئەوانە شێواز و ئامرازی ئەو سیاسەتەن. بەڵام چۆنیان دادەڕێژیەوە، بۆچ ئامانج و مەبەستێك دایاندەڕێژیتەوە، ئەوە گرنگە، تەنانەت هەر زۆر ترسناکیشە. کۆمەڵگە بەو ئامرازانە ڕێکدەخرێ. ئینجا سەرەتاکەش لە قوتابخانەوە دەستپێدەکرێ، پاشان دەگوێزرێتەوە بۆ خێزان، ئەوجا یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەش، کە بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسیانە لە عێراقی تازەدا زۆر گرنگە. ئەمەش مانای وایە، یەکەم «چاوخشاندنەوە بە بنیاد و پێکهاتی کەسایەتی منداڵ. دووەم « چاوخشاندنەوە بە بنیادنانەوەی پێکهاتی کەسایەتی مامۆستا و فەراهەمکردنی سەربەخۆیی بۆ مامۆستا. سێیەم: سەربەخۆیی بوونی بواری فێرکردن و بە دیموکراسیکردنیشی لە هەموو ئاستەکانی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆدا.

### ئایا ئێمەی کورد سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە؟

کۆمەڵگەی کوردەواریمان نزیکەی بیست ساڵێکە لەژێر چەپۆکی ڕژێمی سەرکوتکەر و وێرانکەری بەعس ڕزگاری بووە، کورد حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی خۆی هەیە و ئیدارەی ئەم وڵاتە دەکات، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئێمە سیاسەتێکی کۆمەڵایەتیمان هەیە؟ (د.فوئاد) دەڵێ: نا نەخێر، نە لە کۆمەڵگەی کوردی و نە لە عێراقیشدا سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی بە مانای وشە نییە. هۆیەکانیش زۆرن، ڕیشەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە. هەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە پێوەندی بە پێگە و ڕۆڵی ژنی کوردەوە هەیە. تاوەکو ژن لە کۆمەڵگە دا، لە ناو خێزاندا ئازادی خۆی بە دەست نەهێنێ، هیچ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی سەرکەوتنێکی وەها بەدەستناهێنێ. لە بیرشمان نەچێ پیاویش لە زۆر بواردا، بارگرانییەکی زۆری لە سەر شانە. دەبێ ڕەچاوی هاوسەنگی ئەرك و مافی هەروولا بکرێت. بێجگە لەوەی کە ئێمە زۆر کێشەی کۆمەڵایەتیمان هەیە وەك زۆری منداڵ و زۆری ژمارەی ئەندامانی خێزان و کۆچ و.. تاد ئەوانە لە داڕشتنی سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا دەبێ حسابی ورد و زانستیانەیان بۆ بکرێت. ئەوجا لە داڕشتی سیاسەتی کۆمەڵایەتیدا دەبێ دوو شتی زۆر گرنگ ڕەچاو بکرێت: یەکەم ئەوەیە کاتێك دەسەڵاتی سیاسی ئەم سیاسەتە دادەڕێژێ دەبێ بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو چین و توێژەکانی گەل بێت و ڕەچاوی ماف و ئیمتیازاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتیان بکات. دووەم ئەوەیە سیاسەتی کۆمەڵایەتی بۆ کێ و بۆ چ ئامانجێك دادەڕێژرێ. ئایا چۆن دەڕوانرێتە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگەدا، چ ستراتیژییەتێکی دەبێ بەرامبەر ڕێکخستنی خێزان، پەروەردە و فێرکردن، دابونەریتە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، وەرزش بەگشتی و وەرزشی کۆمەڵەکیی و ئافرەتان بەتایبەتی، دەزگا و دامەزراوەکانی ئەوەی پێیدەڵێن کۆمەڵگەی مەدەنی....تاد ئایا ئەمانە بەشێوەیەکی زانستیانە و وردکراون ؟ بۆیە پێموایە داڕشتنی وەها سیاسەتێك جگە لەوەی کە سیاسەتێکی زۆر پێویستە، کۆمەك بە پێشخستنی وڵاتیش دەکات. سەیری وڵاتانی دنیا بکە، بەتایبەتی دنیای پێشکەوتوو،، هەر وەك نموونەمان بە گریکی کۆنیش هێنایەوە، هەموویان بە هۆی بایەخدانیان بە سیاسەتی کۆمەڵایەتییەوە پێشکەوتوون.

**دەسەڵاتی سیاسی ئەم سیاسەتە دادەڕێژێ دەبێ بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو چین و توێژەکانی گەل بێت و ڕەچاوی ماف و ئیمتیازاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتیان بکات**

# کرێکارە عەرەبەکان لەسەر



بەهۆی باش بوونی باری گوزەرانی خەڵك و باری ئابووری کوردستان هەروەها فەراهەمبوونی هەلی کار، ژمارەیەکی زۆری کرێکارانی بیانی و بەتایبەتیش کرێکارانی خوارووی عێراق روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بۆ کارکردن. ئێستا ئەگەر سەردانێکی شەقامی مەخمووری شاری هەولێر بکەی ژمارەیەکی زۆر و زەوەندی کرێکارە عەرەبەکانی شارەکانی خوارووی عیراق دەبینی چۆن بەم قرچەی گەرمایە رادەوستن و چاوەڕێی یەکێك دەکەن بیانبات بۆ کارکردن. ئەم کرێکارە عەرەبانە زۆربەیان خەڵکی ناوچەکانی موسڵ و دەوروبەری موسڵن و لەگەڵ هەندێك ناوچەی تری باشوور و ناوەڕاستی عێراق. بەڵام لێرە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئەوەیە ئەو کرێکارانە کاتی نیوەڕۆیان یان پاش کاتژمێر ١٠ بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش بەدرێژایی ئەم شەقامە لە سەر شۆستەکان پاڵدەکەون. ئەو کرێکارانە هۆکاری ئەمە دەگەڕێننەوە بۆ نەبوونی شوێنێك کە بشێ بۆ ئەوەی لێیپاڵ بکەون و پشووی تێدا بدەن. هەروەها لە لایەکی ترەوە کرێکارانی خۆشمان گلەییان لە بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی هەیە و پێیان کارێکی خراپە ئەو کرێکارە عەرەبانە بەو ڕێژە گەورەیە روو لە هەولێر بکەن بۆ کارکردن، چونکە بۆتە هۆی ئەوەی هەلی کاری گونجاویان لەدەست بچێ و کرێی و هەقدەستیان کەمبێتەوە، زانیاری زیاتر لەم راپۆرتەدا بخوێنەوە...

**کرێکارێکی عەرەب: داوا دەکەین گۆڕەپانێکی تایبەت بۆ کرێکاران بکرێتەوە**



# شەقامەکان پاڵ دەکەون؟

ڕۆژانــە ژمارەیەکــی زۆری کرێکار دێنە ناو شــاری هەولێرەوە بۆ کارکردن **(عەبدولوەهــاب)ی تەمەن ٣٤ ســاڵ یەکێکە لــەو کرێکارانە کە ڕۆژانە دێتە هەولێر بۆ کارکردن و ئەو دەڵێت:** ڕۆژانە لێرە بە ٢٠ هەزار دینار دەچمە سەرکار، بەڵام کارەکــەی ئێمە هەموو ڕۆژ نییە. ئەو هــۆکاری هاتنی بۆ هەولێر بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە لە شــارەکەی خۆیان هەلــی کارنییە، بگرە ئەگەر هەشــبێت زۆر کەمە و پارەکەشــی هــەر کەمە. ڕۆژانــە دەبینین زۆرێك لەو کرێکارانەی کە هاتوونەتە هەولێر لەســەر شەقامەکان یاخود هەر شوێنێك کەسێبەری لێبێت بە کۆمەڵ پاڵدەکەون، ئەم کرێکارە هۆکاری ئەمــەی گەڕاندەوە بــۆ نەبوونی کار، چونکە کرێکارە عەرەبەکان تا پاش نیوەڕۆ دەمێننــەوە هــەر وەك **(عەبدولوەهاب) دەڵێ :** ناحەقیشــیان نییە، چونکە هیچ شوێنێکی تریان نییە بۆی بچن و کەمێك تیایدا پشــووبدەن. لە کۆتایی قسەکانیدا وتی: زۆرسوپاســی خەڵك و حکومەتی هەرێم دەکەم هەرچەندە ئێمە بۆ کارکردن دێین، بەڵام پێشوازییەکی گەرممان لێ دەکەن.

**(یاسین عەبدولوەهاب)یش گەنجێکی تەمەن ٢١ ساڵەیە و بۆ کارکردن هاتۆتە هەولێر و ئەویش بەم شــێوەیە بۆمان دووا** «ئێمە چەنــد کەســێکین بەیانیان زوو دێینــە هەولێر دواتر یەکێك دەمانبات بۆ کارکردن بەنرخێکی هەرزانتر لە کرێکاری ئەو شــارە. ئەو کرێکارە ئاماژە بەوە دەدا کە هۆی پاڵکەوتنیان لە سەر شۆستەکان و شەقامە ســەرەکییەکان کە دیمەنێکی تا ڕاددەیەك ناجــۆری هەیە، ئەوەیە کە هەندێکجار خاوەنکارەکان ئەوان نابەن بۆ کارکردن بۆیە لێرە بێئیــش دەمێننەوە و بە ناچاری تا پاش نیوەڕۆ لێیرادەشکێن و پاڵدەکەون، دواتــر دەچنەوە مەخمور و ئەو شــارانەی کە لێیهاتوون. وتیشــی: بەو گەرمایە ناچاریــن لێرە پاڵبکەوین، چونکە هیچ شــوێنێکی ترمــان نییە لێیبحەســێینەوە. ئەو پارەیــەش کە لە کارکردنی ئێرە دەستمان دەکەوێت دەتوانین پێوەی بەڕێوەبچین، چونکە شــارەکانی تــری عێــراق کاری کەمــی لێییە و پارەکەشــی کەمە، بەڵام لێرە هەلی کار زیاترە و پارەکەشی زیاترە.

**(زیــن نــوری) تەمەن ٢٩ ســاڵە و ماوەی پێنج مانگە بــۆ کارکردن دێتە هەولێر، ئەو لەو بارەیەوە دەڵێت :** ئێمە بە هەرچەنــد و نرخێك بێت دەچین بۆ کار، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕۆژەی دێین بۆ کار بە دەســتی بەتاڵی نەچینەوە. سەبارەت بــەو کرێکارانەی کە لە ڕۆخ شــەقام و شۆســتەکانیش بەبەرچــاوی خەڵکەوە پاڵدەکەون دەڵێ : بەڵی ڕاستە بە تایبەت کاتــی نیوەڕۆیان هەندێك لە کرێکارەکان لەســەر ڕێگــەی خەڵکی ڕادەکشــێن، ئەگەر شوێنێکی تایبەتیان هەبێت لەوێ ڕابکێشــێن ئاســاییە، بەڵام لێــرە و بەم شێوەیە منیش پێموایە کارێکی ناشیرینە، بریــا حکومەتی هەرێم شــوێنێکی بۆ دابین دەکردین و خۆشــمان و خەڵکیش لەم جەنجاڵی و شۆســتە گرتنە ڕزگار دەبین..

## کرێکارانی خۆشمان گلەییان هەیە

بێگومان زۆربوونی ژمارەی کرێکارانی بیانی لــە هەرێمی کوردســتان کار لە دەســتکەوتنی هەلی کار بۆ کرێکارانی خۆمــان دەکات. لــەم ڕووەوە **(ئەحمەد ئەنــوەر) دەڵێ:** زۆربوونــی کرێکارانی دەرەوەی هەولێر کاری کردۆتە سەر کاری ئێمە، هەروەها ڕۆژانەکەشمان کەمبۆتەوە، چونکە کرێــکارە عارەبەکان بە نرخێکی زۆر هەرزانتر دەچنــە ئیش، ئەمەش وا دەکات کــە کار بۆ ئێمە کــەم ببێتەوە، چونکە بەو نرخەی کە ئەوان پێ دەچنە ســەر ئیش ئێمە ناتوانین بەو بڕە پارەیە بچیــن و بۆیــە داواکارم لە حوکومەتی هەرێم چی تر ڕێگە بە کرێکارانی بیانی نەدات بەو ژمارە زۆرەوە بێنە ناو هەرێم، چونکــە کارەکــە خۆی بــەرەو کزی و لاوازی دەڕوات و هێندەی دیکە بێکاری پەرەدەسەنێت.

بەڵام بە پێچەوانەی ئەحمەد، وەســتا **(وەلیــد عوســمان) دەڵێ** «مــن زۆرم پێخۆشــە ئەو کرێکارە عارەبانە لێرە کار دەکەن، چونکە لــە کرێکارەکانی خۆمان زیاتر خۆیان ماندو دەکەن و زیاتریش ئیش دەکەن بە پارەیەکــی کەمیش، من ناڵێم کرێکاری خۆمان ئیشکەرنین بە پێچەوانەوە ئیشــکەرن، بەڵام زیاتر هەوڵدەدەن خۆیان بدزنەوە، بەشتێکی زۆر ئاسایی دەزانم کە داواش بکەم حوکمەت لێبگەڕێت زیاتریش بێنە ناو شارەوە، چونکە سەردەمانێك بوو ئێمە دەچووین بۆ موســڵ و شوێنەکانی تر بۆ کارکردن بــۆ ئەوەی تیکەیەك نان بۆ ماڵ و منداڵمان پەیدابکەین، ئێستاش ئەوان پێچەوانەی ئێمەن، چیتێدایە ئەگەر ئەوانیــش لێرە نانێك بەهۆی ئێمەوە پەیدا بکەن، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان بەڕاســتی هەلی کاری زۆر تێدایە و ناوچەیەکی ئارامە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مامۆستا (هەژار ڕواندزی ) پاڵکەوتنی ئەم کرێکارە عەرەبانە لەسەر شەقامەکان بەم شێوەیە بە کارێکی ناشیرین وەسف دەکات و دەڵێ «بەبەردەوام ڕۆژانە بێرەدا هاتووچۆ دەکەم، بەڕاستی کارێکــی نەخــوازراوە، چونکە لەلایەك زۆرم بەزەیی پێدادێتەوە، لەلایەکی تر زۆر بە ناشــیرینی پاڵدەکەون. جا داواکارم لە لایەنی پێوەندیدار شــوێنێکیان بۆ دابین بکات، چونکە هەریەکێك لە ئێمە کاتژمێر ١٢ نیوەڕۆ بێــرەدا تێپەڕێت دەبینێت ئەو کرێکارانە لەبەر ئەو گەرمایە ڕاکشــاون، بەزەیی پێیاندا دێتەوە.

**کرێکارێکی کورد:هاتنی کرێکارانی عەرەب کاری کردۆتە سەر کارکردنی ئێمە و نرخەکشی**

# مانگی ڕەمەزان بۆنەیەکە بۆ زیندووکردنەوەی

هەر بۆنەیەکی ئایینی کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتیشی لە پشتەوەیە، مانگی ڕەمەزانیش وەك بۆنەیەکی ئایینی مانگێکی ڕێزلێگیراوە و بەشێکی زۆری خەڵك لەم مانگەدا بەڕۆژوو دەبن، کۆمەڵگەی کوردیش بە چەند دابونەریتێکی کوردەواریانەوە پێشوازی لێدەکات، هەر لە چۆنیەتی بەرۆژوو بوونەوە تا دابەکانی ڕۆژوو شکاندن و نانخواردن و سفرە ڕازاندنەوە و هاتووچۆ و سەردان و ئەو یاریانەی کە لە شەوانی ڕەمەزاندا دەکرێن. لەم مانگەدا تا کاتی ڕۆژوو شکاندن زۆربەی خەڵك پابەندن بە ڕێورەسمی بۆنەکەوە، بەڵام هەر کە شەو داهات، ئیدی بەزمەکانی ڕابواردنی شەوان دەستپێدەکات و هەر شارەو لەو ڕووەوە دابونەریتی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە... لەم ڕاپۆرتەدا هەندێ لایەنی ئەم کولتوورە بەسەر دەکەینەوە..

**موحسین ئەحمەد: شەوانی ڕەمەزان خەڵک بە دەهۆڵ بەئاگا دەهاتن و پارشێویان دەکرد**

**لەمانگی ڕەمەزاندا هەر لە کۆنەوە کۆمەڵێك یاری فۆلکلۆری جوانمان هەبوو**

شاری هەولێر کە کۆنترین شاری دنیایە کە تا ئێستاش ئاوەدان مابێتەوە و خەڵکی تیادا بژی، خاوەنی کۆمەڵێك دابونەریتی کۆمەڵایەتی جوان و سەرنجڕاکێش بووە. هەر وەك (مەسعوود حوسێن) دەڵێ «ئێمە لە شاری هەولێر هەر لە کۆنەوە کۆمەڵە دابونەریتێکی کۆمەڵایەتی و بە زمی شەوان و یاری جوانمان هەیە لەم شارەدا، بەڵام ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە زۆرێك لەو دابونەریتانە گۆڕانیان بەسەر دا هاتووە یا نەماون و هەندێك جۆری نوێی کات بە سەربردن پەیدابووە، بۆ نموونە لە کۆنەوە یاری سنیانێ باوبووە لە دەوروبەری شاریش لە گوندەکان (کڵاو مستانێ یا کەرە مستانێ) دەکرا و ئێستاش لەزۆر شوێن هەر باوی ماوە، بەڵام لەلای هەندێك کەس و زۆربەی خەڵکان ئێستا شەوانی ڕەمەزان بە دیار تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت بەسەردەبەن. هەندێك لە گەنجانمان بە یاری دامە یا تۆپ تۆپێن شەوەکەیان بەسەردەبەن، ئەویش بەکردنەوەی چەندین خول بۆ یاری تۆپی پێ لە شەوانی ڕەمەزاندا، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا بە تەمەنەکانن ئەوانیش کۆمەڵ کۆمەڵ کۆدەبنەوە و باسی سەردەمی گەنجیان دەکەنەوە، هەندێکیش دەچنە مزگەوت بۆ ئەوەی مامۆستا وتاریان بۆ بدات و زیاتر ئاشنا بن بة ئایینی ئیسلامی پیرۆز، بە گشتی دەتوانم بڵێم زۆربەی شەوانی ڕەمەزان شەوی خۆشن.

**دواتر(حاجی ئەحمەد حەمەدئەمین —تەمەن ٥٩ )سەبارەت بە شەوانی ڕەمەزانی جاران وتی «بەڕاستی جاران شەوانی ڕەمەزان زۆر خۆش** بوو. زۆرجار لەبەر خاتری ڕەمەزان ناکۆکییەکی وەك دوژمنداری دەبڕێندرایەوە. یان ساردی عاجزی دوو خێزان یا دوو بنەماڵە نەدەهێڵدرا. خەڵکەکە زۆر قەدری مانگەکەیان دەگرت و دەیانکردنە هۆیەك بۆ گەردن ئازادی و لێکتر خۆشبوون. هەروەها هۆیەکیش بوو بۆ بەهێزبوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە زۆرجار ئێمە لەم شەوانەدا سەردانی خزمان و برادەرانمان دەکەین. ئەوە بێجگە لەوەی کە لە شەوانی ڕەمەزاندا کۆمەڵێك یاری کوردەواریمان



# هەندێ دابونەریتی کوردەواریانەی رەسەن

هەبوو خەڵك تا کاتێکی درەنگ بەو پەڕی خۆشییەوە کاتیان پێ دەبردە سەر. زۆر جار لەناو هەندێ چین و توێژ یاری و بەزمی تایبەتی هەبوو بۆ نموونە (کەوباز و کۆترباز و ئەوانەی شەڕە کەڵەباب)یان دەکرد، شەوانی رەمەزان کۆدەبوونەوە خەڵکێکی زۆریش لەدەوریان خڕدەبوونەوە، شەڕیان بە کەڵەشێر یا کەو دەکرد تا درەنگی شەوەێ بەو بەزمە خەریك دەبوون. بەڵام بەداخەوە ئێستاکە زۆربەی ئەو یاریانە ناکرێن.

**ئەحمەد مەنتك سەبارەت بە شەوانی رەمەزان دەڵێ** «ئێمە شەوان کۆدەبینەوە لەگەڵ برادەران باسی شتێك دەکەین بۆ هەموومان سوودی هەبێت، دواتر لە شوێنێك دادەنیشین هەندێ یاری کوردەواری زۆر خۆش هەیە دەیکەین، بەتایبەتیش (کەرە مستانێ) یا دامەکردن ئەم یارییانە شەوانی رەمەزان تاموچێژێکی تایبەتی هەیە و تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبین، هەروەها ئێمە لە باب و باپیرمانەوە بۆمان ماوەتەوە کە کۆمەڵ کۆمەڵ کۆببینەوە و بچینە ماڵی یەکێك لە خزمە نزیکەکانمان و لەوێ بە گفتوگۆ و گێڕانەوەی بەسەرهات کاتێکی خۆش بەڕێ بکەین.

**دەهۆڵ کوتانی شەوان**

دەهۆڵ کوتانی شەوانی رەمەزان نەریتێکی دیکەی رەسەن و کۆنی کوردەواریانەیە، لای میللەتانی دی بە شێوە و شێوازی دیکە خەڵکان لە کاتی رۆژوو گرتن وەئاگا دەهێندران. (موحسین ئەحمەد - تەمەن ٣٩) کە پتر لە بیست ساڵیش دەبێ دەهۆڵ کوتە و دانیشتوی شاری هەولێرە، لەبارەی دەهۆڵ کوتینی شەوانەوە دەڵێت:هەر بەمنداڵییەوە فێری ئەمکارە بوومە. شەوانی رەمەزانی جاران زۆر خۆش بوو، ئێمە کە چوار ثێنج کەسێك دەبووین، ئەوسا من منداڵبووم، بەرەبەری مەلا بانگدانێ چەند کۆڵانێکمان بەسەر دەکردەوە و دەهۆڵمان دەکوتی و خەڵکامان لەخەو بەئاگا دەهێنا. کە دەبووە (عالفەش) واتە رۆژێك پێش جەژن بە شەوەکەی ماڵ بە دەگەڕاین داوای جەژنانەمان دەکرد.

هەرچی (شەمسەدین عزەدین)ی خزمی (موحسین)ە دەڵێ: ئەو تام و چێژەی دەهۆڵ کوتانی جاران هەیبوو، ئێستا نەیماوە. ئێستا خەڵك زۆر شتی دیکەی هەیە کە شەوان بە ئاگای بێنێ و پشت بە دەهۆڵ کوتان نابەستن بۆ لەخەو هەڵسان.

**رەمەزان و رازاندنەوەی سفرەی نانخواردن**

مرۆڤ لە مانگی رەمەزاندا لەبەرەبەیانەوە کە پارشێو دەکات ئیدی دەم لە زاد نادات تا مەلا بانگدانی ئێوارێ، کە دەگاتە ئێوارەش زۆر برسی دەبن و بە ئیشتیاوە چاوەڕێی رۆژوو شکاندن دەبن. بەر لە مەلا بانگدانیش ئافرەتانی ماڵەوە خەریکی ئامادەکردنی جۆرەها خواردن و خواردنەوە دەبن. بە جۆرێك وەك بۆنەیەکی زێدە خۆش و سەرنجڕاکێشی لێدێت و بۆنەکە تام و بۆیەکی تایبەتی دەبەخشێت. (پەروین محەمەد –تەمەن ٣٢ساڵ) کە ژنێکی هەولێریە، لەمەڕ سازکردنی نانی ئێوارەی رەمەزان دەڵێ: لای ئێمە رۆژوو شکاندنمان بۆنەیەکی یەکجار بەهاتوبات و دڵڕفێنە، بۆنەیەکە هەرچی خواردنی خۆش هەیە ئامادەی دەکەین. هەر لە خواردنەوە بیگرە تا جۆرەها پاقلاوە و کێك و شیرنەمەنی..تاد (حاجی مەولود میارنی – تەمەن ٦٥ساڵ)یش دەڵێ: رۆژوو شکاندن بۆنەیە بۆ لەیەك خۆشبوون و گەردن ئازادی. جاری وا هەیە کوڕ لە باوك یا باوك لە کوڕ عاجز بوونە، ئەم سفرەی نانخواردنە دەبێتە هۆیەك بۆ ئاشتبوونەوە، بۆیە ئەگەر مانگەکە لە رووی دینییەوەش پیرۆزە، لە رووی کۆمەڵایەتیشەوە هەر پیرۆزە..

**لە کۆتاییدا مامۆستا(سەید ئەحمەد پێنجوێنی) پێش نوێژ و وتار خوێن وتی** «خۆشبەختانە میللەتی کوردی موسڵمان وەکو میللەتەکانی تری موسڵمان دوای بەرەبانگ کردنەوە پۆل پۆل و دەستە دەستە بە هەموو چین و توێژەکانەوە بەرەو ماڵی خودا بەڕێ دەکەون، لەماڵی خودا ئیشی رۆژیان تەواو دەکەن، ئەویش نوێژ و تەراویحە. دواتریش کۆمەڵێك کۆدەبنەوە دەچن بۆ بازاڕ لەوێش بڕێك کات بەسەر دەبەن، هەندێك کەس کۆدەبنەوە لە ماڵێك یاخود دەچن بۆ بازار بۆ یاری کردن. مانگی رەمەزان دەورەیەکی پەروەردەییە، بەهانەیەکە بۆ گەردن ئازادی و لێکترخۆشبوون و سڕینەوەی بوغز و رق و کینە لەدڵی یەکتر...

پورە خەجیجە: رەمەزانانمان بە گێڕانەوەی بەسەرهات و قسەوباسی ساڵانی پێشوو دەبردەسەر

حاجی ئەحمەد حەمەدەمین: شەوانی جارانی رەمەزان زۆر خۆشتر بوو لە هی ئێستاکە، خەڵک گەردن ئازادیان لە یەک دەکرد و لەیەک خۆشدەبوون



# نەبوونی منداڵ خێزانێک

لەو بەیانییەی کە لە فەرمانگە بووم و نامەیەکم بۆ هات و نووسرابوو: (شنۆ گیان) خۆت حازربکە ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ دەچین بۆ بازاڕ ئاڵتون دەکڕین. لەخۆشیاندا شاگەشکەبووم، لەبەرئەوەی لەدوای داخوازیکردن و وەڵامدانەوەی ماڵی باوکم، سێ هەفتە بەسەر ئەوەدا تێپەری کە دەبوو ماڵی (میران) ئاڵتون و پێداویستیی دیکەیان بۆمن کڕیبایە، بەڵام بەهۆی ئەو کێشەیەی لەسەر هاوسەرگیری من و میران دروست ببوو لەخێزانەکەیاندا، بووە هۆی دواکەوتنی هەموو شتێك. پاش نیوەڕۆ چووین بۆ بازاڕ و ئاڵتونمان کڕی. بەڵام دەتگوت مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی خانوو دەکەین. چونکە خەسوم لەسەر هەموو شتێك بەمنی دەگوت کەمتر داوا بکە، منیش لەبەر میران قسەم نەدەکرد هەرچییەك ئەو پێی باش بوایە قبوڵمدەکرد. بەهەرحاڵ مەراسیمی هاوسەرگیرییەکمان بەهەرجۆرێك بوو کۆتایی پێهاتوو، ئێمەش چووینە ماڵی خۆمان.

رۆژگار هەموو کەسێکت پێ ئاشنادەکات، دوایی سەرت سوڕدەمێنێت ئەوکەسەت چۆن ناسی یان ئەمانە چی دەکەن لەدەوروبەرت؟ میران خۆی زۆرباش بوو، بەڵام خەسوم هەرلەیەکەم رۆژەوە خراپییەکانی دەرکەوت. لەرۆژی ئاهەنگەکەماندا، خێرا چوو منداڵێکی کوڕی هێناو خستییە باوەشم و وتی: بۆئەوەی یەکەم منداڵتان کوڕ بێت و زوو منداڵتان ببێت. لەم کار و قسەیەی خەسوم زۆر ترسام، تەنیا ئەوەندەم وت: بەتەمای خودا.

مانگێك بەسەر ئاهەنگەکەماندا تێپەڕی و خەسوم هەردەیوت (شنۆ) نەچوویتە لای پزیشك بزانێت سکت هەیە یان نە؟ دەموت: نەوەڵا جارێ نەچووم، چەند مانگێك ئەم پرسیارەی لێدەکردم تا حەوت مانگ بەسەر هاوسەرێتیماندا رەتبوو. دواتر رۆژێك بەمیرانی وتبوو دەبێت شنۆ زوو چارەسەری خۆی بکات، ئەگەر نا ناگاتە ساڵێك کە من ژنێکی دیکەت بۆدەهێنم!!!

میران ئەمەی پێوتم، منیش بۆ پارێزگاری کردن لە ژیانی هاوسەرێتیم هەوڵمدا و چەندینجاریش چوومەلای پزیشك بۆ ئەوەی منداڵم ببێت، بەڵام بێسوودبوو. پزیشکەکە دەیوت: تۆ کێشەت نییە برۆ پشکنینی



هاوسەرەکەتمان بۆ بهێنە یان خۆی با بێت تا بزانین ئەو کێشەی چییە؟ کە ئەمەم بەمیران دەوت لەوەڵامدا دەیووت: کێشەم نییە برۆ تۆ چارەسەری خۆت بکە ئەگەرنا دایکم چارەسەرت بۆ دەدۆزێتەوە. ئەم قسانەی میران زۆر ئازاری دەدام، هەرچەند دەمزانی کە گوناهی میرانی تێدانییە. بەڵام هەر نیگەران دەبووم.

هاوسەرگیرییەکەمان گەیشتە ساڵێك، لەوکاتەدا دایکم زۆر نەخۆش بوو هیچ کام لەخوشك و براکانم نەیاندەتوانی خزمەتی بکەن، من ماوە ماوە دەچوومە لای و خزمەتیم دەکرد، رۆژێك میران پێیوتم شنۆ بۆچی بۆماوەیەك لای دایکت نامێنیتەوە، دایکت پێویستی بە خزمەتی زیاترە بەو شێوەیە نابێت کە تۆ دەچیت بۆلای.

وتم زۆرم پێخۆشە، بەڵام لەبەرتۆ نەدەچووم، ئێستا کەتۆ رازی بیت بۆنا، بەزووترین کات دەرۆم بۆلای تا تەندروستی باش

# بەرەو جیابونەوە دەبات

نەبێت نایەمـــەوە، هاوکات ئـــەم بڕیارەی میران بەلامەوە سەیر بوو، چونکە دەمزانی شتێك لەئارادایە، بەڵام بەوردی نەمدەزانی چییە؟

بـــۆ بەیانی کـــە ڕۆژی هەینـــی بوو پاش تەواوکردنـــی کاری ماڵەکەم هەندێك جلوبـــەرگ و پێداویســـتیم کۆکـــردەوەو و ڕۆیشتم بۆ ماڵی باوکم، میران وتی خۆشم ڕۆژانە سەرت لێدەدەم خەمی منت نەبێت.



نزیکـەی ٨ ڕۆژ تێپـــەری بـــوو، برا بچووکەکەی میران تێلی بۆ کردم و وتی: دادە شنۆ ئاگات لێییە کە کاکە میرانم خەریکە ژن دەهێنێت؟ بەبیستنی ئەو قسەیە خەریك بوو لەهۆش خۆم بچم، چونکە میران هەموو ڕۆژێك دەهات بۆلام سەیربوو

چۆن کاری وا دەکات. دوای ئەو تەلەفۆنە دەستبەجێ تێلم بۆ میران کردو پێموت، بەڵام ئەو ئەســـڵەن هەر حاشای لێکرد. لەدواییدا هەرخەمم بوو بۆیـــە بڕیارمدا بۆماڵەکەی خۆم بگەڕێمەوە و ناوبەناو سەری دایکم بدەم. کە گەڕامەوە بەمیرانم نەوتبوو، ئەو شـــەوە میران زۆر ڕەنگ گەڕایەوە، بەلایەوە سەیر بوو کە من چومەتەوە، لەسەر ئەوە لێمان بوو بە ناخۆشی و دەنگە دەنگ پێمـــوت: لەبەرتۆ هاتوومەتەوە

لەبەرئـــەوەی درۆت لەگەڵـــدا کـــردووم و دەتەوێت ژن بێنیت، ئەویش دانی نا بەڕاســـتییەکاندا و وتی: بەڵێ لەم ڕۆژانە ژن دەهێنم.

هێنانی ژنی دووەم لەلایەن میرانەوە بوو بەگەورەترین کێشـــەو گرفت، چونکە ژنی دووەم بەزۆری خۆی هێنایە ســـەرحازری و ســـەر ماڵەکەم. منیـــش لەبەرئەوە ماڵم بەجێهێشـــت و تۆرام، بۆمـــاوەی (٢)دوو مانگ لە ماڵی باوکـــم بووم بۆجارێکیش تەلەفۆنی بۆ نەکـــردم، خێزانەکەمان وتیان دەبێت جیاببنەوە، بۆ ئەم مەسەلەیە بەمیرانم وت بەبێ هیچ شتێك وتی باشە، بێئاگابووم

لەوەی کە ژنەکەی بەمیرانی وتبوو دەبێت تەڵاقی بدەیت من لەگەڵ ژنێکی دیکە ناژیم.

بەڵام من لەداواکەی خۆم پەشـــیمان بوومـــەوە، کاتێك بیرم کردەوە ئەگەر جیا ببینەوە هیچ شوێنێك نییە لەدوای مردنی دایکم ڕووی تێبکەم، بەمیرانم وت ماڵی جیا بۆ ژنەکەت بکە، بەس تەڵاقم مەدە. میران ســـەرەتا بەمە ڕازی بوو. لەدوایدا وتی هەر جیادەبینەوە، کاتێك تەلەفۆنی بۆکردم و ئەمـــەی پێوتم تەواو لەژیانی خـــۆم بێزاربووم، چونکە هیچ کەســـێك تەنانەت خوشـــك و براکانیشم بەرگرییان لێنەکـــردم، منیـــش بڕیارمـــدا کۆتایی بەژیانم بهێنم و ئاگرم لەجەســـتەی خۆم بەردا، بـــەڵام کاتێك خۆم ســـووتاند، ماڵە دراوسێکانمان زوو فریام کەوتن و نەیان هێشـــت بەتەواوی جەستەم بسوتێت، بەدەست دوو دەردەوە دەناڵێنم بەکێکیان جەستەمە، ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە میران دوای ئەوەی ژنێکی دیکەی هێنا نەبوو بەباوك، لەبەرئەوەی ژنی دووەمی میرانیش منداڵی نەدەبوو دوای ئەوەی پزیشـــك داوای پشکینی لە میرانی کردبوو، میرانیش ڕازی بووە پشکنینی ئەنجام بدات دواتر بەناچاری میران سەردانی پزیشـــکی کردبوو پێی وتبـــو کێشـــەت زۆرە و منداڵت نابێت، پێویســـتیت بە نەشـــتەرگەریی گەورە هەیـــە. ئینجا ناچار بـــوو قبوڵ بکات نەشـــەرگەری بۆ ئەنجـــام بدرێت. پاش ئەنجامدانی نەشـــتەرگەریەکە پزیشـــك دوای چەنـــد مانگێك پێـــی وتبوو تۆ منداڵت نابێت، ژنەکەی بەبیســـتنی ئەم هەواڵـــە داوای جیابوونـــەوەی کردبوو، ئەوکاتـــەش میران هەســـتی بەگوناهی خۆی کردبوو کە چ تاوانێکی گەورەی لەگەڵ مندا کردووە، بۆیە دەستی دابووە تەلەفۆنەکەی و تەلەفۆنی بۆکردم داوای لێخۆش بوونم لێبکات، کە میران وتی لێم خۆشبە، هەنسکی گریان گەرووی گرتم و نەمتوانی وەڵامی بدەمەوە.



بەرپرسی فایلی کۆمەلایەتی: کامەران جەلال.. بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504944607
Email: komelayeti@gulan-media.com

# گرنگە دایک پێوەندییەکی توووند و تۆڵی



# بەکچەکەیەوە هەبێت

**دایك هەمیشە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ کچەکەی (یا کچەکانیدا) هەیە و جگە لە پێوەندیی دایکایەتی، زۆر گرنگە کە پێوەندییەکی هاوڕێیەتیشی لەگەڵدا هەبێ. زانایانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی بەچاوی پڕ بایەخەوە تەماشای ئەم پێوەندییە دەکەن و ڕێنمایی دایکان دەکەن کە ئەم لایەنەی پێوەندی خۆیان بە هەند وەربگرن و بزانن کە تێگەیشتن لە خۆشی و ناخۆشی کچەکانیان و نزیکی و دووریان لە کچەکانیان لە ڕادەی توند و تۆڵی پێوەندییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێ. بێگومان سرووشتی بوونی ئەم پێوەندییە، دواجار خێزانێکی ئارام و پڕ لە تەباییمان پێدەبەخشێت، کۆمەڵگەش لێی سوودمەند دەبێ. لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵدەدەین ئەم لایەنە بەپێی دەفەت بەسەر بکەینەوە.**

**(باخچە حمە ڕەشید)ی فەرمانبەر لە وەزارەتی دارایی پێیوایە کە:** دروستبوونی پێوەندی نێوان دایك و کچ دەگەڕێتەوە بۆ توانا و لێهاتوویی دایکەکە خۆی، ئەوە دایکە دەبێت بزانێت ئەو ڕێگەیانە چین کە دەبنە هۆکار بۆ نزیکبوونەوە لەکچەکەی، تەنیا ئەرکی دایك جل کڕین و خواردن دروستکردن نییە بۆ خێزانەکەی بەتایبەت کچەکانی، بێئەوەی بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە لەگەڵیاندا بەکۆ یاخود بەتەنیا لەگەڵیاندا دابنیشێت و گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئەرکی دایك بەخشینی پەروەردە و زانیاریشە.

**لەبەرامبەر بۆچوونەکانی (باخچە) دا، (ڕۆژان ئاوات) کە قوتابی زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زاستە مرۆڤایەتییەکان بەشی کۆمەڵناسیە، پێیوایە:** هەرچەندە دایك هەوڵبدات لە کچەکەی بێتە پێشەوە و قسەی لەگەڵدا بکات خۆی بکاتە هاوڕێ، بەڵام ئەگەر لەسەرەتاوە لەخێزاندا وا پەروەردە نەکرابێت ناتوانێت کە گەورە بوو هەموو شتێك لای دایکی باس بکات، چونکە ئێمەی کچان جۆرێك لەشەرم و ترسمان هەیە، ئەمەش وامان لێدەکات لای هاوڕێکانمان باسی گرفت و هەست و سۆز و شتە تایبەتییەکانی خۆمان بکەین نەك لای دایکمان، ئەگەرچی دەزانین ئەوانیش وەك ئێمە هیچ زانیارییەکی وەهایان پێ نییە، کە بتوانێ یارمەتیمان بدەن. بەڵام لەبەرامبەردا هەندێك وای بۆ دەچن کە پێوەندی باوك و کوڕ زۆرجار لە پلەیەکی باشتر و بەرزتر دەبیندرێت لەپێوەندی دایك و کچ، **(فەرمیدوون کەمال) وەك گەنجێك کە کاری ئازاد دەکات لەمبارەیەوە لەمەڕ ئەم لایەنەی باسەکەمان بۆچوونی خۆی بەم شێوەیە دەردەبڕێت و دەڵێت:** لەخێزانەکەماندا ئەم حاڵەتە بەدی دەکەم، دەتوانم هەموو شتێك بەباوکم بڵێم و زۆرجار لەسەر بابەتێك کێشەیەکمان هەبێت زۆر ڕاشکاوانە قسەی لەگەڵدا دەکەم، یاخود پێداویستییەکم هەبێت پێیدەڵێم، بەڵام دەبینیم خوشکەکانم هەرچەند ڕۆژانە لەگەڵ دایکم لەماڵەوە پێکەوەن، بەڵام لە هەندێك بابەتدا بۆ نموونە مەسەلەی داخوازی و هاوسەرگیری سەرەتا ڕاوێژ بەمن دەکەن ئینجا دواتر لەگەڵ دایکمدا گفتوگۆ دەکەن، پاش هەموو شتێك لەڕێگەی من یان دایکمەوە بە باوکم دەڵێن. لاموایە دایکم نەیتوانیوە ئەو ڕایەڵە لەنێوان خۆی و کچەکانیدا دروستبکات، نەك خوشەکەکانم.

**(ئارام جەبار)ی توێژەری کۆمەڵایەتی، لەڕووی لێکدانەوەی ئەو حاڵەتە و فاکتەرەکانی کە لەپشت دروستبوونی ئەو پێوەندیانەوەیە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:** خێزانی کوردی هێشتا ئەو قۆناغانەی تێنەپەڕاندووە، کە دایك و کچ بتوانن بەیەکەوە باس لەهەموو شتێك بکەن، پێموایە. نەوەی نوێ زیاتر بوێری تێدایە لەگەڵ دایکیدا قسە بکات لەچاو نەوەی پێشتر، کە زۆرجار هەوڵدەدات لێیان نزیك بێتەوە و باسی گرفتەکانی خۆی بکات. بێگومان لەئێستادا گرفتی دەروونی و کێشەکانی تاك زۆر بووە، کچێك لەتەمەنی هەرزەکاری یاخود لەسەرووتر بێت هەست بەوە دەکات کە تاکە کەسێك کە باشتر لێی تێبگات دایکیەتی نەك هاوڕێکانی، چونکە دەبینین هاوڕێیەتی ئێستا لەئاستی پێویستدا نییە. بەڵام ئەوەی کە زۆر گرنگە ئەوەیە ئەم دایکە خۆی چەندە ڕۆشنبیر و خوێندەوارە، چەندە خاوەن ئەزموون و شارەزاییە لە ژیان و بەم تاقیکردنەوانەدا ڕەتبووە کە کچەکەی پێیدا ڕەت دەبێت، چەندە دەتوانێ لە شتە تایبەتییەکانی کچەکەی بگات و دەتوانێ هاوکار و هاوڕازی بێت و دەبێتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی، یا ڕوونکردنەوەی پرسیارەکانی. چونکە لە کۆتاییدا دایك دواتر هەم یەکێکە لە نزیکترین کەسەکانی خۆی و هەر ئەویش تاکەکەسێکە کە جێگەی بڕوای ئەو بێت، هەمیش وەك هاورەگەز باشتر دەتوانێت لە کچەکەی بگات..

دوو خوشك لەماڵەوە زیاتر قسە بۆ یەك دەکەن تا لەگەڵ دایکیاندا، ئەگەر چارەسەری کێشەیەکیان بۆ نەکرێت ئینجا وەك دوا ڕێگە پەنا بۆ دایك دەبن. ئەمە بۆچوونی **(شیلان ڕەسول)ی مامۆستایە، هەروەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە:** ئاستی ڕۆشنبیری خێزان هۆکاری سەرەکییە بۆئەوەی بتوانرێت هەموو خێزانەکە ئەو سنوورە ببڕن لەگفتوگۆ و ڕاوێژدا. وەك مامۆستایەك بەو شێوەیە بەرنامەم داڕشت هەرکاتێك کچەکانم پرسیاریان لێکردم وەڵامیان بدەمەوە، نەك خۆم پرسیاریان لێبکەم، بەڵام کاتێك لە قوتابخانە ببینم قوتابییەکانم دێن بۆلام و پرسیاریان دەکرد، ئەوکاتە زانیم دەبێت کچەکانی خۆشم پرسیار لەکێ بکەن و چۆن وەڵام بدرێنەوە، بۆیە ئەمەم تاقیکردەوە و سەرکەوتوو بووم، ئێستا لەنزیکەوە ئاگاداری کچەکانم و دەزانم لەکوێدا پرسیاریان لە لادروست دەبێت.

لەکۆتاییدا ئەوە بڵێین پێوەندی دایك و کچ لە پێوەندی باوك و کوڕ جیاوازترە، چونکە بەپێی سروشتی فسیۆلۆژی ڕەگەزی مێ ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر کچدا دێت پێویستی بەوە هەیە لەکاتێکی زووتردا زانیاریان لەسەر وەربگرێت، ئەگەر ئەم زانیاریانە لەلایەن دایکەوە بە دروستی پێبنەدرێت، هاوڕێکەی کە هاوتەمەنی خۆیەتی چۆن دەتوانێت هاوکاری بکات، تووندوتۆڵی کاریگەری لەسەر پتەوبوونی سەرجەم پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانیش دەبێت.